www.kurdistannet.org
8-5-2003 1:15

به ناوی کوردستانی گەورە!

# ئەگەر وریا نەبین، وشەی " من "، " ئێمە " دەفەوتێنێ !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

وشەی " من " کە بە مانای هاوەڵناو (ضمیر) ی هەوەڵ کەسی وێژەر (متکلم) ە و بە زمانی فەرەنگی پێی دەڵێن " ئێگۆ "، لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە، وشەیەکی تەنیا باڵ و "یەکلاقەبا"یە، بە چەشنێکی وا، کە پیتۆڵە بیرمەندەکانی جیهان، لە مێژەوە مەکتەبێکی "ئاپۆرە" یان پێ تەرخان داوە، بە ناوی مەکتەبی "ئێگۆیزم" یا منمنایەتی. لە مەکتەب (دوکتورین) ی ئێگۆیزم دا، تەوەرە وشەی " من " ە و باس باسی " خۆم"، بە قۆلی کوردی خۆمالێ، خومالێیە !. کەچی لە ئاسانی ژیانی هەر گەلێکدا، من وەک تاقە ئەستێرەیەک وایە و ئێمە کەهکەشانین !

بە داخەوە، لە نێوکۆمەڵی کوردەواریدا، ئەم ئێگویزمە بە چەشنی پێویست نەخراوەتە پشت کەنوەکەوە و زۆر جار، لە بواری رامیاری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ......دا، وەک زارو رەگی حەیاتی "ئێمە" ی مژیوە. بە کورتی و بە کوردی، زۆر جار وشەی " من " بوەتە هۆی فەوتانی "ئێمە"، چون زۆر لە داوەریەکان، بە کەپوولە ( پێوەر) ی " من " دەکرێ، نەک "ئێمە"- بۆوێنە :

١- ئەگەر هین، "من" ی خۆش نەوێ، پیاوێکی باش نیە.

٢- ئەگەر فیسارەکەس حیزبەکەی "من"ی پێ باش نەبێ، مرۆڤێکی شیاو نیە.

٣- ئەگەر وانێک، ناوی " من " ی، بە باشی لە نووسراوەکەیدا نەنووسیبێ، شوینەوارەکەی باش نیە.

٤-ئەگەر فڵانە گۆڤار لەگەڵ من دا، وتوێژێکی رازاوەی نەکردبێ، دو قرانیش ناهێنێ.

٥- دەیان ئەگەر و "من" ی دیکەی جۆربەجۆری زەرەرهێن ! بە قەولی فارس کەس نیو مەن نیە، پاکمان مەن ین.

بەم چەشنە ئەگەر " من " بو بە بەردی محەکی ناسین و راڤەکردنی هەمو شتێک، تێڕوانینی دیتنی مرۆڤ وا چکۆلە دەبێتەوە، کە رایەڵوپۆی تەواوی شتەکان دەپچڕێ و تێکدەچی.

وەک مشتێک لە خەڵوار عەرزتان بکەم:

- رەنگە یەکێک " من " یشی خۆش نەوێ و مرۆڤێکی باشیش بێ –. نابێ چون قینی لە "من" ە، یا دو قسەی حەقو رەقی سەبارەت بە "من" کردوە، خوێنی بکەمە شووشەوە - باش بوون لەگەڵ " من " خۆشنەویستن عەرز و عاسمان تۆفێریان هەیە.

دەبێ ئێمە لەباتی" من "، هەمیشە " ئێمە " لەبەرچاو بگرین، چون گەل" ئێمەیە"، نەک "من" ی تەنیا - دەنا " من "، "ئێمە" دەفەوتێنێ.

هۆنراوە :

"من "یەکێکم، نەختێ جێمە پەری سەرکەوت پشتی لێمە
کاتێ کۆ بوین، بوینە " ئێمە " عەقڵ هیوای دنیای پێمە

ح. س. سۆران

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆڤونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.